کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-5-2007 22:17

## نەفرەت لەو ڕۆژانەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ژیام .. (جەڕەسی یەکەم) ... لەبیرتە چیت کرد؟؟!! ... شەپۆل کەلاری

زۆر لە مێژە لەگەڵ کۆمەڵێك نەهێنی دەژیم، بەڵام کام نەهێنی!؟ درۆ کردن لەگەڵ خاك و نەتەوەکەم، خیانەت بە خوێنی هاوڕی شەهیدەکانم، زینا کردن لەگەڵ چیا سەرکەشەکانی کوردستان، هەڵمیزتن بەو سەنگەرانەی بەرامبەر زەبر و زەنگ و ئاگر باران چاویان نەتروکاند، هەتك کردنی سەروەریەکانی مێژووی کۆن و نوێم، سوکایەتی کردن بەو بەرگە خاکیەی لە یەك کاتدا بەرگ و کفنم بوو، ئەمانەو چەندان نەهێنی دی کەلە هەناوی خۆمدا پاراستوومن، بەڵام ناکری هەتاسەر بەئازاری ویژدانەوە بناڵێنم، بۆیە بڕیارمدا بیرکردنەوەم، هەڵسوکەوتم، ئاکار و ڕەوشتم لە بەندیخانەی فیتنە گێڕی بیرکردنەوەی تۆ ڕزگاربکەم وچیتر نەمکەیە ئەوپەشتەماڵە سیاسیەی ئامانجە شاراوەکانتی پێ داپۆشی.

لەبیرتە لەدوای شەهید بونی خاڵە شەهاب و ئارامی سەرکردە، لەپیلانێکی نێوان خۆت و مامەدا بەرگی شۆرَشگێڕیت بەسەر جەستەی پڕگومانی خۆت هەڵکێشا و خۆت کردە میرات گری ئەو گەورەپیاوانە، بەراستیش پێمان وابوو میرات گری ئەوانی، نەمانزانی خۆڵ ئەکەیە چاومان و ڕاستیەکانمان لێ ون دەکەی، ئای لە خۆ گۆڕین چەند ئازای! لەو بارە چ ئەزمونێکی دەڵەمەندت هەیە و ڕەنگی ئەو شوێنە دەگری کە لێی دەژی! هەر ڕۆژەو بەبارێك خۆمان نیشان دەدەی، بەردەوام پێچەوانەی تەوژمی بەرژەوەندیەکانی کورد مەلە دەکەی، ئەمرۆ کورد پێویستی بەخەباتی سیاسی ودیبلۆماسی گەرم و گوڕو مەیدانی هەیە، کە چی لە ژورەوە غەزریوی و وای دەردەخەی لە مامە نیگەرانی، مامە هەر مامە گۆپاڵ بەدەستەکەی جارانە تۆ چۆن دەتوانی پێچەوانەی سیاسەتی گۆپاڵی مامە بجولێییەوە، ئەوە حەرەکەیەکی کۆنەو هێندە دوبارە بۆتەوە لێی بێتاقەت بوین، هەمومان ئەو ڕاستیە دەزانین لەوەتەی تۆ هەی وەك مامە بیردەکەیەوەو تەنانەت پارچەیەکی لەجستەی سیاسی ئەو، کەی تۆ خاوەنی ڕێبازو بیر کردنەوەی سیاسی خۆت بوی؟ وەك مرۆقی ئالی مامە چۆنی ویستبی ئاوای ئاراستە کردوی.

لەبیرتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانت کردە ئەو ئەسپە لەڕەی لەپێناو تاوی حەوانەوە سەری بەهەموو تەویلەکاندا دەکرد، بۆ لوێچی ئالیك دەمی لەهەموو ئاخوڕەکان وەردەدا، وەك دەستە مۆکراوێك هەر ڕۆژەو بارێکی لەسەر پشت بوو، هەر ساتەو یەکێك بژویاڵی تێك وەردەدا.

ئەی خۆت نەتوت من هەرگیز بڕوام بەکۆمەڵە نەبوو، لەبەر خاتری مامەو بەڕێنمایی و ڕاسپاردەی ئەو بووم بەسکرتێری کۆمەڵە، کەی سیاسەت بەخاترو خوایشت کراوە؟! کی دەڵی ئێستاش کۆمپانیای وشەت هەر لەبەر خاتری مامە دانەمەزراندوە؟ یان دەتەوی وەك عەدادی بەنزین خۆت لەو تاوانگەلەی ڕابردوت سفر بکەیەوە، بەڵام ئەو تاوانانە بونە مێژوو، ڕەتکردنەوەی مێژوش کارێکی ئاسان نیە.

لەبیرتە پێت دەوتین چەتەکانی حسك بکوژن، تەحریفیەکانی شیوعی قەتڵ و عام کەن، نەتەوە پەرستەکانی پاسۆك بنبڕکەن، چەکدارەکانی بنەماڵە وڵات بەدەر کەن، ئەمانە ئەو تاوانگەلە بوون کەتۆ دات هێنان، ئەو فەرهەنگە بوو کەلەتۆی فێر بوین، کەچی لە کتێبی (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن) هەموو ئەو تاوانانەت لەملی خەڵکی تر بەستووە، ئەوە پەنجەکانی تۆبوون پەنجەی هەموو کوردیان دەشکاند.

لەبیرتە ساڵی 1982 بۆ ئاژاوە گێڕی هێزی کۆمەڵەت کردە هیزی پشتیوان بۆ کوردەکانی ڕۆژ هەڵات، لەساڵی 1983 پشتت پی لەبەعس کردین و هێرشت پی کردینە سەر پێشمەرگەکانی (بەرەی جود)، لوتکەی قەندیلت پی داینە بەر ڕێژنەی گوللە، کاتی لەپشتەوە جاش و سەربازی ڕژێمم دی پێم گوتی: کاك نەوشیروان جەیش و جاش پشتیان گرتوین، پێت گوتم (نا) ئەمانە هێزی پشتیوانن هەر کاتێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێویست بکات هێزەکانمان تێکەڵ دەکەین، لەساڵی (1987) تیش هێزی کۆمەڵەت کردە پشتیوانی پاسداران و بەرەو کەرکوک پێشیان کەوتی، ئێستاش لەبەر چاومە وەك حەس حەس لەدەوریان دەسوڕاینەوە، بۆ ئەوەی بەڵایەکیان بەسەر نەیات، پێت دەوتین ئەمانە! ئامانەتی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانن دەبی وەك چاوەکانمان بیان پارێزین، ئەوە چ بەزمێك بوو پێت دەکردین؟ ڕۆژێك دەتکردینە پشتیوان بۆ خەڵك و ڕۆژی پشتیوانت بۆ پەیدا دەکردین، ڕۆژێك دەتکردینە پشتیوانی کوردەکانی ڕۆژ هەڵات دژی پاسداران، ڕۆژێك دەتکردینە پشتیوانی پاسداران بۆ لێدانی جەیش و جاشی بەعس، ڕۆژێك بەر دەرگای سەربازگەکانی بەعست پی گەسك دەداین و دەستت پی لەخوێناوی پێشمەرگەکانی بەرەی جود وەردەداین، دواتر بات دەدایەوەو دەستت دەگرتین و پێت دەگوتین: نابی لەپشتەوە خەنجەر لەجەیش و جاشی بەعس بدەن، چونکە دژی پاسدارانی ئێران لەشەڕدایە، ئای لەو سوڕە سەیرو کەس نەدیوو ناسروشتیەی بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانت دەکرد!!!

لەبیرتە ئەو کاتەی لەکوردستان کێوماڵی پێشمەرگەکانی لایەنەکانی تری کوردستانت پی دەکردین، پێت دەوتین (بەقوربانتان بم پەرێزتان پاك بی)، (دیلم ناوی) ئەوە ئەو فەرهەنگە دزێوەی تۆ بوو کەسەرگەرمی دیل کوشتنی دەکردین.

لەبیرتە لەبناری قەندیل لەسەر زبڵخانەی جەیش و جاشی بەعس سەمونی بەرماوەت پی دەچنینەوەو پێت لەخوێناوی کورد وەردەداین و دەر خواردت دەداین، ئێستاش بەبەرزایی چیای قەندیل خەجاڵەتی مێژووی قوربانی دانی ئەم کوردە ستەم دیدەم.

لەبیرتە پێت دەوتین ئەگەر تاکە گوللەیەکتان پێما پشت لەبەعس کەن و بەرەو ڕوی چەکدارەکانی قیادەی موەقەتە بیتەقێنن، ئێمەو بەعس یەك سەنگەری دوو ڕوین دژی بنەماڵە، ئێستا دەزانم هەرچی لێت فێربوم دژایەتی خەڵکی شۆرشگێڕ بوو، گیاکەڵەت پی لەکێڵگەی کوردایەتی دەڕواندم و نەمامی دار بەڕوت پی هەڵدەکێشام، پەشیمانم لەوەی لێت فێربوم، بۆیە هەرچی وانەکانی تۆ لەلامە لەشێوەی خەجاڵتنامەیەکدا بۆت دەنێرمەوە، داوای لێبوردنیش لەیەکە یەکەی سەنگەرەکان و چیای قەندیلیش دەکەم.

لەبیرتە ئەو کاتەی بیرت لەناردنەوەی قورئانەکانی عەرەب دەکردەوە، بەڵام نەتدەویست کەری کوردستانیان پی ماندو بکەی، کەچی لەپڕ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانت بەعیجابی ئیسلامی داپۆشی، لەبەر دەم ئایەتوڵایەکان نمایشی سیاسیت پی کرد، وەك تاژی لە قەڵێتەی شیعە گەرایت بەست و لەبیابانی فراوانخوازی مەزهەبیدا ڕاوی دوژمنانی دوازدە ئیمامەکەی شیعەت پی دەکرد، ئەمڕۆ مێژوو هاوڕێ و هاو سەنگەرانت وڵامیان دەوی!.00

لەبیرتە هەرکەسێك لەبازنەی بیرکردنەوەی خۆت و مامەت دەرچوبایە و پەردەی مەترسیەکانی سەرکۆمەڵەی لادابا، بەخۆفرۆش و خائین و پیاوی بەعس تاوانبارت دەکردو لە دادگای حەزو ئارەزوە سیاسیەکانتدا دادگاییت دەکردو بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕستانی پاراستنی بەرژەوەندیەکانتدا حەشارت دەدا، تائێستاش نەهێنیەکانی گۆڕی بەکۆمەڵی نوگرە نەوشیروان بەنەشکاویو سەر مۆری ماونەتەوە، چ جیاوازیەك هەیە لەنێوان گۆرە بەکۆمەڵەکانی نوگرە سەلمان و نوگرە نەوشیروان!؟0 ئەگەر نوگرە سەلمان شوێنی شاردنەوەی کوردانی نەیاری سەدام بی!! ئەوا نوگرە نەوشیروانیش شوێنی شاردنەوەی ئەنفالی سیاسی شۆڕشگێڕانی ئەم کوردستانەیە کەوەك نەوشیروانیان بیرنەکردۆتەوە.

لەبیرتە ساڵی 1982 کاتێك کاك کۆسرەت ڕەسول لەناو شار هات بۆ (خڕی ناوزەنگ)، لەگەڵ خۆی سەد هەزار دینارو سەد نەفەر کەباب و دوازدە قات ڕانکو چۆغەی بزوی بەدیاری بۆهێنابون، پێمان گوتی: ئەگەر کاك کۆسرەت پەیوەندی بە مخابەراتی عێرقیەوە نەبی ئەم سەد هەزار دینارەی لە کوی پەیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردوه؟ خۆ باڵداریش ناتوانێت لە سەیتەرەکانی ڕژێم دەرباز بێ! ئەم کەل و پەلانەی چۆن بەسیتەرەکاندا هێناوە؟ بەڵام تۆ گوتت کاک کۆسرەت کەسێکی شۆڕشگێڕو لەخۆبروردوە، کەچی ئێستا هەزار و یەك ناوو ناتۆرەی بۆ دەدۆزیەوە، هەر لەنەخوێندەوارو ناحاڵی و هەولێر چیتیەوە بگرە تادەگاتە دز و پیاو کوژ و کۆمەڵێك شتی تر، تەنانەت بەکاك کۆسرەتەوە ڕقت لە هەولێر و هەموو هەولێریەکانیش دەبێتەوە، قەت نەمدی ئەوەی دوێنی کردوتە ئەمڕۆ پێت ڕاست بێ، تۆ نەك خەڵك ڕەت دەکەیەوە بەڵکو خۆشت ڕەت دەکەیەوە، زۆر ئەستەمە کەسێك بتوانی مێژوی ئەمڕۆ و دوێنێت تێکهەڵکێش بکات، ئەوەش پەیوەندی بەو تاوانگەلەوە هەیە کەباری دەرونیان شڵەژاندوی، هەرئەوەشە وای کردوە بەردەوام بانگەشەی پاکی خۆت بکەی، چونکە پێت وایە ئەوەی خۆیپیا ك نیشان بدا لای خەڵکیش پاکە، دەڵێ جارێکیان لەکەسێکیان پرسی ناوت چیە؟ ئەویش وتی (کاکە حەمە) وتیان شەرت ئەوەیە خەڵك پێت بڵێ کاکە حەمە، بەڵام کاك نەوشیروان! شەرت ئەوەیە خەڵك بە پاکت بزانی.
ئامانجی کۆمپانیای (وشە) شت ئەوەیە کە خراپەکاری و تاوانەکانت لەملی خەڵکی تر هەڵسوی و خۆشت بەکاکە حەمە نیشان بدەی، یان دەتەوی شێوازی گۆنگەڵ و فیتنەکانیترت لە کوردستان بگۆڕی و بەشێوازی مۆدێرن نیشانی خەڵکیان بدەی، بۆڕونکردنەوەی ئەوانەش چاوەڕوانی جەڕەسەکانی داهات و بە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.